

# جەنگ

**یاسین عومەر**

پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی بەهاریی خۆرهەتاو بوو، قوتابییەکان دانیشتبوون‌و بە نیگا منداڵانەکانیانەوە گوێیان بۆ قسەکانم قوڵاخ کردبوو و وانەی مێژووم پێ دەوتنەوە، من بە پێچەوانەی مامۆستاکەی دیکەوە هەم قوتابیەکانم خۆش دەویست‌و هەم جاروبارێکیش چیرۆکی سەرنجڕاکێش‌و ئەفسانەییم بۆ دەگێڕانەوە و ڕووداوی سەیروسەمەرەم تێکەڵ بە وانەکان دەکرد. بەڕێکەوت ئەو ڕۆژە باسی جەنگێکم بۆ دەکردن کە چەند ساڵێك بەر لە لەدایکبوونی ئەوان ڕویدابوو، کە چۆن بووبووە هۆی کوشتن‌و بێسەروشوێن بوونی هەزاران مرۆڤی بێتاوان. منداڵەکان وەها خەیاڵیان دابووە چیرۆکەکە بەئاستەمیش سرتەیان لێوە نەدەهات، نازانم لە ترسناکی ڕووداوەکان زارەترەك بووبوون یاخود لەبەرئەوە بوو کە یەکەمجاریان بوو بەو شێوە ترسناکە باسی جەنگ‌و مردن‌و نیشتمانیان دەبیست! لەکاتێکدا کە دەمویست لەسەر نەخشە هەڵواسراوەکەی سەر دیواری پۆلەکە

بەرەی جەنگەکەیان نیشان بدەم، دوو کەس لە پیاوانی گوندەکە بەخۆیانو جلە تەڕەکانیانەوە خۆیان کرد بە پۆلداو داوایان لێکردم بۆ کارێکی پێویست پۆلو قوتابیەکانم جێبهێڵمو لەگەڵیاندا بچم بۆ دوندی کێوەکە، تا وەکو شایەتو خوێنەوارێکیش ئامادەی ئەو ڕووداوە بم کە چەند خولەکێك بوو دەستی پێکرد بوو. پیاوەکان لە من خێراتر بە ڕێدا دەڕۆیشتن، یەکێکیان کە پارچە پەڕۆیەکی سەوزی بەسەر پشتوێنەکەی کەمەریدا پێچا بوو جار جار بە شەرمێکەوە دەیوت: مامۆستا، ئەگەر پێ هەڵنەگریت ڕەنگە دوابکەوینو لە گەڕانەوەماندا تاریکمان بەسەر بێت.

من کە لە ڕووگیریی خۆمدا شەرمم کرد داواکەیان ڕەتبکەمەوە دوودڵیو گومان وەڕسییان کرد بووم. دەمویست بەهەر جۆرێك بووە زوو کۆتایی بە کارەکەیان بهێنمو بگەڕێمەوە بۆ ژوورەکەم پشوویەك بدەمو ئێوارێش دوای نانخواردن تۆزێك چرای ژوورەکە کز بکەمو دەست بکەمەوە بەخوێندنەوەی ئەو کتێبەی کە ئەو چیرۆکەم لێ هەڵهێنجا کە ئەو پاشنیوەڕۆیە بۆ منداڵەکانم گێڕایەوە.

ئەو دوو پیاوەی بەشوێنمدا هاتبوون، ئەو ڕۆژە بەیانییەکەی زوو بەمەبەستی هێنانەخوارەوە هەندێ بەفر و سەهۆڵ چووبوون بۆ چیا بەرزەکەی پشتەوەی گوندەکەو لەوێ لەکاتێکدا کە بەمەبەستی بەفر دەرهێنان بە پشتوێن خۆیان بۆ چاڵە بەفرێك شۆڕکردبۆوەو هەندێك بەفریان دەرهێنابوو، دەستیان بەر جەستەی مردوویەك کەوتبوو، مردووەکە دەستی جلی سەربازیی لەبەردا بوو. کە گەیشتینە ئەوێ کوێخای گوندو چەند پیاوێکی تریش دەستیان بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوەو دوعایان دەکرد. من لەبەرئەوەی یەکەمجارم بوو لە نزیکەوە مردوویەکم دەبینی، ترسو سامێکی سەیر دایگرتم کە ئێستاشی لەسەر بێت شتی وام بەخۆمەوە نەبینیوە. هەموو ئەوانەی کە هاتبوون بۆ ئەوێ هەستیان بەترسەکەم کرد، لە ناو خۆیاندا کەوتنە تەماشاکردنی یەکتریو بێدەنگییەکی کوشندە ئەو ناوەی داگرت. کوێخای گوند کە پیاوێکی باریکەلەی سەرو ڕیش سپی بوو، بە سۆزێکی باوکانەوە پێی وتم، کە هێمن ببمەوەو ئەو کاغەزە خوساوەی بۆ بخوێنمەوە کە لە نایلۆنێکی ئەستورەوە پێچرا بوو و لە گیرفانی دواوەی پانتۆڵی مردووەکەدا دۆزرابۆوە.

خۆیشم نازانم حیکمەت لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە چییە، تەنها شتێك کە هەیە ئەوەیە ئەو چیرۆکەی کە من بەر لە هاتنی دوو پیاوەکە بۆ قوتابییەکانم دەگێڕایەوە، کەموزۆر لە ناوەڕۆکی ئەو پەڕە کاغەزە خوساوە دەچوو کە پێدەچوو سەربازە مردووەکە بۆ هاوسەرەکەی یان بۆ باوکی یاخود بۆ هاوڕێیەکی نووسیبێت. لەبەر ئەوەی کاغەزەکە تەواو خوسابۆوە لە هەندێ شوێندا هیچ بەکەڵکی خوێندنەوە نەدەهات بۆیە بەناچاری خۆم بە هەندێ کەموزیادکردنەوە چیرۆکەکەتان بۆ دەگێڕمەوە، ئەوەشم بیر نەچێت چیرۆکەکە لە دوو شوێندا لەسەری نووسراوە بیسم لاهی ڕەحمان ئەلرەحیم، بەڵام نە بەروارو نە ناوی خاوەنەکەی لەسەر نییە هێندە، نەبێت کە بە ئەندازەی سێ پەنجە لە خوار دوایین ڕەستەوە بە شێوەیەکی جوان ئیمزایەك کراوە، کە بەڵگەی ئەوەیە نووسەری پەڕەکاغەزەکان یان هونەرمەند بووە یان کەسێك بووە خاوەنی ئەشقێك بووە یاخود ڕەنگە واش نەبووبێتو کەسێکی ئاسایی بووبێت. نامەکە، لەدوای چەند وشەیەك لە هەواڵپرسین بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

(هەموو دەمانزانی هێرشێکی گەورە بەڕێوەیە، بەڵام ئەوەی کە نەمدەزانی ئەوە بوو کە ئایا دوژمن هێرش دەکاتە سەر ئێمە یان ئێمە هێرش دەکەینە سەر ئەوان... چەند ڕۆژێ بەر لەوەی کارەساتەکە بقەومێ، سەرکردایەتیی باڵای سوپا وەکو جارەکانی تر لە هەموو ڕوویەکەوە خۆی سازو ئامادە کردبوو، ئەوەی کە

ئەم جارە لە جارەکانی تر جیاوازتر بوو ئەوە بوو ئەو چەند رۆژە کەمە ئەوەندەمان گۆشت دەرخوارد درا هەموو هەستمان دەکرد بووین بەگورگ، بەیانیانو چێشتەنگاوانو نیوەروانو عەسرانو ئێوارانو تەنانەت بەر لەخەوتنیش ژەمێك گۆشتی کوڵاویان دەرخوارد دەداین. هەموو خەیاڵمان لای رووداوە بڕیار لەسەر دراوەکە بوو، بۆیە هیچ چێژێکمان لە خواردنەکان وەرنەدەگرت.. برادەرێکی فەلەمان لەگەڵدابوو کە دەیویست بەرۆژوو بێت، بەڵام نەیدەتوانی، چونکە بەس گۆشت هەبوو، ئەویش کە بەرۆژوو دەبوو دەبوو گۆشت نەخوات.. نیوەرۆیەکیان کە تیپەکەمان سەرقاڵی نانی نیوەڕۆ بووین، کەتیبەی مغاویر دەستەیەك سەربازی ئێرانیان هێنا کە لەکاتی نوێژدا بەدیل گرتبوویانو تەسلیمی ئەفسەری تیپەکەی ئێمەیان کردو خۆیان لێیاندا رۆشتن. دیلەکان کەسیان نەپێڵاو نە کراسیان لەبەردا نەبوو، تەنها پانتۆڵە سەربازییەکانیان لەبەردا بوو و لەدواوە کەلەپچە کرابوون. یەکێکیان کە لە هەموویان منداڵتربوو ترس خراپ ئارامی لەبەر هەڵگرتبوو، زوو زوو بۆ دواوەو بەئاراستەی ئەو شوێنەی کە بەری سوپاکەی خۆیان بوو ئاوڕی دەدایەوە، ئەم رەفتارەی ئەو کوڕە منداڵکارە بووە جێگەی سەرنجی هەمووانو من بەش بەحاڵی خۆم ترسم لێ نیشت و لە دڵی خۆمدا دەستم کرد بەدوعا خوێندن... ئەفسەرەکەمان کە ناوی شەمر بوو پاش ئەوەی دەمانچەکەی لە کیفەکەی لاقەدی دەرهێناو خستیە سەرپێو لولەکەی ئاراستەی دیلەکان کرد بەوەرگێڕەکەی وت هەرچی دەڵێم بۆیان تەرجەمە بکەو ئەوانیش هەرچی دەڵێن بۆم تەرجەمە بکە. وەرگێڕەکە ئەوەندە پەشۆکا بوو لەجیاتی ئەوەی بەعەرەبی بڵێ بەسەرچاو بەفارسی وتی (چەشم). ئەفسەرەکە وتی: پێیان بڵێ یەك یەك ناوو پلەکانیان بڵێن. ئەگینا هەر لێرە بەدەستی خۆم بەم دەمانچەیە مێشکی هەر هەموویان دەپژێنم. دیلەکان، یەك یەك ناو و پلەکانی خۆیان وتو بێدەنگ بوون. شەمر بەفیز و گاڵتەپێکردنەوە پرسیاری ئەوەی لێکردن کە ئایا ئەفسەریان تێدا نییە وا زۆربەیان سەربازی ئاساین، یان لەترسا خۆیان شاردۆتەوەو بەپلەی سەرباز خۆیان ناساندووە.

کەس هیچی نەوت، ئەفسەرەکە بەوەرگێڕەکەی وت پێیان بێ دیسانەوە یەك یەك ناوو پلەکانی خۆیان بڵێنەوە. سەربازی یەکەم کە پیاوێکی کامڵی لاوازو ریشن بوو هاتە پێشەوەو بەخێراییەك کە بەئاستەم وەرگێڕەکە گوێی لێ بوو ناوی خۆی وتو گوتی کە ئەفسەریان تێدا نییەو بێدەنگ بوو و چاوی بڕییە دەمانچەکەی دەستی ئەفسەر. شەمر لەکاتێکدا بەدەمانچەکەی ئاماژەی بۆ سەربازی دووەم دەکرد کە ئەویش هەمان کار بکاتو لە گێڕانەوەی دەستیشدا رووی دەمانچەکەی کردە سەربازی یەکەمو دەنگی تەقینی گوللەیەك هاتو خوێن لە سەری سەربازی یەکەمەوە فیچقەی کردو پرژەی خوێن و مۆخ دەموچاوو سنگوبەرۆکی سەربازەکانی دیکەی سوور کرد. سەربازە لاوەکە لەهۆش خۆی چوو و کەوتە سەر زەوی. ئەم دیمەنی کوشتنە دووبارەو سێ بارەو چواربارە بووەوە تا سەرە گەیشتە سەر دوایین کەس کە ئەویش لاوە لەهۆشچووەکە بوو. شەمر فەرمانی بە پاسەوانە تایبەتەکەی خۆی کرد میز بکات بەسەرو چاویدا تا بێتەوە هۆش خۆی، ئەویش بێئەوەی لا بە لای کەسدا بکاتەوە فەرمانەکەی شەمری ئەنجامداو چوو لە تەنیشتی شەمرەوە راوەستا، لاوەکە هۆشی بەبەردا هاتەوەو ویستی هەستێت، بەڵام نەیتوانی. دوان لە پاسەوانەکانی شەمر چوون پەلیان گرتو هەڵیانساندە سەر پێ، کە تەواو راست بووەوە سەیری برادەرەکانی کرد زارەترك بوو؛ هاورێکانی کە بەر لە چەند سەعاتێ پێکەوە نوێژو قسەو گاڵتەوگەپیان کردبوو هەموویان مێشکیان هەڵاتبووەو کوژرا بوون.

شەمر کە بەتەواوی دەمانچەکەی لەبناگوێی لاوەکە نزیك خستبووەوە بەدەنگێکی لەخۆباییبوونەوە بە دیلە ئێرانییەکەی وت گەر بێتو وەڵامی هەموو پرسیارەکانم نەدەیتەوە، کارێکت بەسەر دەهێنم تف لەو رۆژە بکەیت کە تیایدا لەدایك بوویت. سەربازە دیلەکەش سەری رازیبوونی بۆ راوەشاندو سێ قۆڵی لەگەڵ وەرگێڕەکەدا

چوونە خەیمەکەی ئەفسەرەوەو تا سپێدەی رۆژی دواتر چاومان پێیان نەکەوتەوە. سپێدەی رۆژی دواتر سەعاتێ لە رۆژان زووتر لەخەو هەڵیانساندین. دەرکەوت ئەرکێکی کتوپڕ هەیەو دەبێت ئەنجامی بدەین، ئەگینا دوژمن نەخشەیەکی ئەوەندە تۆکمەی دارِشتووە دەتوانێت بە چەند سەعاتێکی کەم هەموو بەرەی جەنگ کۆنترۆڵ بکاتو بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، هەڵبەت من دواتر وەرگێرەکە بەوردی هەموو شتەکانی بۆ گێرِامەوە، کە گوایا سەربازە لاوەکە ئەوەندەش ساویلکەو منداڵ نەبووە، بەڵکو زۆر زیرەكو زرنگ بووە، تەنانەت خۆ بووراندنەوەکەشی تەمسیل بووە. ئەو شەوە سەربازە لاوەکە لە ناو خەیمەکەدا بە شەمری وتبوو ئەگەر نەمکوژیت زانیارییەکت دەدەمێ کە تا دنیا دنیایە سەرفرازی خاكو وڵاتو گەلەکەت دەبیت. شەمریش پێی وتبوو ئەو شتە چییە ؟ کێ دەڵێ نرخی ئەوەی هەیە. سەربازە دیلەکە پێی وتبوو کە گوایا شوێنی ئەمباری سەرەکیی ئازوخەو تەقەمەنییەکانی سوپاکەیان دەزانێو دەتوانێت بەلارێیەکدا بەسەلامەتی بمانباتە سەر ئەمبارەکەو ئێمەش بەر لەوەی دوژمن هێرشەکەی دەست پێ بکات هەموویان بتەقێنینەوە.

سەرەتا شەمر ئەم پێشنیارەی لاوەکەی بەمێشکدا نەچوو بوو، بەڵام دواترو پاش ماوەیەکی زۆر بێدەنگیو بیرکردنەوەو راوێژکردن بەسەرووی خۆی، بەپێشنیارەکە رازی بوو بوو، بەڵام بەو مەرجەی کە لاوە بەکەلەپچەیەکەوە کە لایەکی لە دەستی ئەمو لاکەی تریش لەدەستی شەمر خۆیدا بێت ببەستێتەوە. ئەو بەیانییە کە هەستاینو شوێن ئەفسەرو لاوەکە کەوتین دنیا تاریكو لێڵ بوو، ماوەی سەعاتێ بەپێ رۆشتین، گەشتینە شوێنێك پڕ بوو لە ئوتومبیلی سەربازی دوژمن، کەس ئاگای لە هاتنە ناوەوەکەی ئێمە نەبوو، بە تولە رێیەکدا سەرکەوتینە سەرێ، من هەر ئەوەندەم بیر ماوە کە گەیشتینە لای پردە دارینەیەك کە لەسەر چەمێك دروستکرابوو. لاوە رای گۆڕیو وتی رێگەیەکی قاچاخ پێدەزانێت کە لێرە ئەمینترە، ئێمەش وەکو منداڵێکی گوێرایەڵ دوای کەوتینو زۆری نەخایەند گەیشتینە تەختاییەك. من لەدوای هەموویانەوە دەرۆشتم، چونکە لولە دینامتەکان بە من بوون، بۆیە چاوم لە هەموویان بوو کە چۆن دەرۆشتنو بەملاو ئەولای خۆیاندا دەیانروانی. هەمووی پێنج خولەك بەتەختایی پاڵ دامێنی کێوەکەدا نەرۆشتبووین کە لاوەکە ئاماژەی بۆ دوو خاڵ کرد، یەکەمیان هەمووی ٢٠ مەترێ لەبەردەممانەوە دوور بوو، دووهەمیشیان ٢٠٠ مەترێ لەپشتمانەوە بوو و بەجێمان هێشتبوو. سەربازەکە بە عەرەبییەکی رەوانو بەدەنگێکی بەرز تا هەموومان گوێمان لێ بێت گوتی: ئەمە کێڵگەی مینەو ئەوەیشی پیایدا دەرۆین تولەرێیەکی زۆر باریکە کە ئەگەر زۆر بەوریاییەوە هەنگاو نەنێین ئەوا کارەساتێك روودەدات، مەگەر بەدەگمەن ئەگینا کەسمان دەرباز نابین، بۆیە دەبێت ئەو ٢٠ مەترەی بەردەممان بەخێرایی ببڕینو لەوێشەوە هەمووی سەعاتە رێیەکی دێکە بەپێ دەرۆینو دەگەینە شوێنی ئەمباری تەقەمەنییەکان. هەموو کێشامان بەسەری خۆماندا، یانی ئێمە ئێستا لەناو کێڵگەی میندایین، ئەوەی لەو کاتەدا بیرمان لێدەکردەوە ئەوە بوو کە یەکەمین مین لەژێر پێی کێدا دەتەقێتەوە چەند کەس دەکوژێت. شەمر لە هەموومان زیاتر ترسا، ئێستا ئیدی پەی بەو پیلانە برد کە سەربازە لاوەکەی دوژمن بۆی دارِشتبوو، بەڵام تازە چی لەدەست دەهات! بۆیە بەناچاری لەکاتێکدا کە قەمەییەکی تیژی لەکەمەری سەربازەکەی دوژمن گیر کردبوو، بەوریاییەوە بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا. سەربازێکی خۆمان ویستی قسەیەك بکاتو شەمر لەوە ئاگادار بکاتەوە کە ئەوەی پیایدا دەرۆین نە تولەرێیەو نە هیچ، بەڵکو ناو خودی کێڵگەی مینەکەیەو سەربازە دیلەکە کڵاوی کردۆتە سەرمان، بەڵام قسەکەی تەواو نەکرد زرمەیەك هاتو ئەفسەرو سەربازەکەی دوژمن بەئاسمانا چوونو ئیدی هەریەك بەلایەکدا رامان کرد، ئێستاش دیمەنی سەربازە فەلەکەی خۆمانی لەبەرچاوە کە خوێن گرتبوویو نەیدەتوانی رابکاتو لە شوێنی خۆی دانیشتبوو و لوولەی چەکەکەی کردبووە زەوی..

کەس ئاگای لە کەس نەما، من کە ترسو برسێتی بڕستیان لێ بڕی بووم هەموو شتێکم بیر چووەوە، هەموو ئومێدێکم ئەوە بوو بگەمەوە بارەگای تیپەکەمان، ئێستاشی لەسەر بێت خۆشم نازانم چۆن دۆزیمەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو لەهۆش خۆم چوومو بەدەمدا کەوتمە سەر زەوی.

ئێوارە کە تازە هۆشم بەبەردا هاتبووەوە سەیر دەکەم لە هۆڵی بریندارانی خەستەخانەی فەوجەکەمان لەسەر حەسیرێك درێژکراومو چەند کەسێکی تریش لەولاوە وەکو من لەسەر زەوییەکە درێژکراون. لەبەر ئەوەی هۆڵەکە زۆر کپو بێدەنگ بوو بەتەواوی گوێم لە دەنگی برینداریك بوو قسەی بۆ بریندارێکی تر دەکردو بەسەرهاتی ئەو ڕووداوەی بۆ دەگێڕایەوە. ئەو دەنگە دەنگی وەرگێڕەکەی شەمر بوو، دەیوت کە بەچاوی خۆی تەقینەوەی مینەکەی لەژێر پێی شەمرو دیلە ئێرانییەکەدا بینیوە کە چۆن کاتێ مینەکە لەژێر شەمردا تەقیوەتەوەو هەردوو قاچی پەڕیوە سەربازە دیلەکەش کە خوێن لەسەرتاپای لەشی چۆڕاوە هەستاوەتە سەر چیچکانو تۆزێك بەدیار جەستەی بێقاچی شەمرەوە دانیشتووەو کلیلی کەلەپچەکەی لە لاقەدی کردۆتەوەو بەعەرەبییەکەی خۆیو بەدەم کردنەوەی کەلەپچەکەی دەستییەوە بە شەمری وتووە: (ئێستا کاممان تف لەو ڕۆژە دەکەین کە تیایدا لەدایك بووین؟). هەروەها سەربازە دیلەکە ئەوەشی بەشەمر وتووە کە ئەم ئەفسەری بەرپرسی ئەو کەرتە سەربازە ئێرانییە بووە کە شەمر بەدەستی خۆی زیاتر لە دە دانەیانی کوشتبوو و ئەم مینانەش کە لەم ناوچەیەدا چێنراون ئەم بەدەستی خۆی نەخشەکەی کێشاوەو ڕاستەوخۆش سەرپەرشتی دانانی کردوون. وەرگێڕەکە وتی دیلە ئێرانییەکە کە ئێستا ئیدی بەئاشکرا سیما ئەفسەرییەکەی تەواو ڕۆشن بووبووە بەدەنگێکی لەسەرخۆ بەئێمە ئەو سەربازانەی کە لە ترسی شەمر ڕامان نەکردبوو، وتی: (دوای چەند سائێکی تر ئەم ناوە پڕ دەبێ لە سوپای ئێران، گەر دەتانەوێت گیانتان لە مردن دەرباز بکەن، بەخێراییو بێ ئاوڕدانەوە بەجێ پێکانی خۆتاندا بگەڕێنەوە بۆ ئەودیو سنوری وڵاتە چارەڕەشەکەتان).

وەرگێڕەکە ئەوەشی بۆ هاوڕێ بریندارەکەی تەنیشتی باسکرد کە لەو کاتەدا پاسەوانە تایبەتییەکەی شەمر هێندە ترسی شەمری لەدڵدا بووە نەیوێراوە لەجێی خۆی ببزوێتو لەگەڵ شەمردا کە لە تاو ئازاری قاچە قرتاوەکانی دنیای پڕ کردبوو لە ناڵەو هاوار کەوتوونەتە دەستی ئەو هێزە ئێرانییەی کە چەند خولەکێ دوای تەقینەوەی مینەکە گەیشتوونەتە شوێنەکە.

لێرە بەدواوە هەندێ بەشی کاغەزەکە بەتەواوی شێوا بوو یان کاڵ بوو بووەو نەدەخوێنرایەوەو تێینەدەگەیشتم. هەندێ ناوو پلەی سەربازیی لێدەرچێت کە بە ئاستەم دەخوێنرانەوە، لەوانە حسێنو ئەبوموسلیمو حسێنی کوڕی مەنسورو بابەکو ئەردەشێرو ... کە نازانم ئەمانە ناوی ئەو دەستە سەربازە مغاویرانە بوون کە دیلە ئێرانییەکانیان ڕادەستی شەمر کرد بوو یان ناوی ئەو دیلە ئێرانیانە بوون کە ڕۆژێك بەر لە ڕووداوەکە شەمر بەدەستی خۆی هەموویانی کوشتبوو.